بارزانی و راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا تاوتوێی پێکهێنانی نوێی حکومەتی هەرێم دەکەن

سەرۆکی حکومەتی هەرێم و راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا پێیوەندییەکی تەلەفۆنیدا تاوتوێی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم و هەنارد‌ەی نەوتییان کرد.

ئەمە هەینی، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەت و مایکل والتز، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا پێیوەندییەکی تەلەفونیان ئەنجامدا گفتوگۆیان لەبارەی پەرەپەدانی زیاتری پێیوەندییەکانی هەرێم و عێراق لەگەڵ ئەمریکا کرد.

هەروەها، هەردوولا هاوڕا بون لەسەر پێویستی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم لە زوترین کاتدا.

هاوکات، دوپاتیانکردەوە کە پێویستە لە نزیکترین کاتدا، هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم دەستپێبکاتەوە.